چیرۆک

محەمەد حوسێن

# سۆزانییەک لە ماڵی پاشاوە دێت



لە ناو تەنیا کتێبخانەکەی شاردا، لە گۆشەیەکی هۆڵی خوێندنەوەکەیدا، بینیم..

هەر لە دوورەوە سەری بۆ لەقاندم.. زانیم بەکوڵەوە چاوەڕوانی دیدارم دەکات، دەیەوێت شتێکم نیشان دات بۆ من هەم تازەیە و، هەم ترسناکیش..

ئەو رۆژە لە هەموو کاتەکانی تری روسەختتر و بێشەرمتر دیاربوو.. بەشاگەشکەیەکی نائارام و ترسێکی درۆینەوە رایکێشامە پەناوە، وەک ئەوەی نهێنییەکی یەکجار مەزنی هەڵگرتبێت، هەر لە ناو لەپی خۆیدا شاشەی مۆبایلەکەی نیشان دام..

خوایە چی نیشان دام و چیم بینی..

وەک دوو سوورە ماسیی بن گۆماوێکی رۆشن،

وەک هەڵقەگرێی پەلکەی چنراوی زڵفزەردێک، ژن و پیاوێکی رووتوقووت لەیەک ئاڵابوون و تەکانیان دەدا.. خانمێکی سوورکەڵە و ناسک، پیاوێکی زلە و چەتەوڵی لە باوەش گرتبوو، ئاخ و ئۆفیان خەریک بوو درزی دەخستە شاشەی ناسکی مۆبایلەکەوە.

هەر نەیهێشت بپرسم، چییە؟ کێن ئەمانە؟ لە کوێ دەستت کەوت..؟

بە زەردەخەنەیەکەوە چپاندی بە گوێمدا:

«تازەترین کلیپی نیشتمانییە.. هەمووی سێ رۆژە بڵاوبووەتەوە».

پێم گوت: هەتیو کلیپی چی و نیشتمانی چی؟ ئەمانە لە دۆخی بەدمەستیدان، بەدەستی خۆیان ئابرووی خۆیانیان بردووە.. کێ هەیە بەم جۆرە سێکسکردنی خۆی وێنە بگرێت و بڵاوی بکاتەوە..؟ "

بزەیەکی خستە سەر لێوەکانی و بەهێوری چپاندی بە گوێمدا:

«بەڵێ ئەو دەتوانێت، ئەوە زەینەب خانە.. زەینەب خان، کوڕی باش گاڵتەی پێ ناکرێت.. ئەو هەر بەم کلیپانە شەڕی هەموو کەسێک دەکات.. بەڵێنی داوە هەموو سەری مانگێک وێنەی ئابرووچونی ژن و پیاوێکمان بۆ بڵاو بکاتەوە».

ماوەیەک بوو من دەمزانی زەینەب یاری بە چ ئاگرێک دەکات، بە چ دڕندەییەکەوە هێرشی کردووەتە سەر شەرەف و ئابرووی خەڵکی شارەکەمان.. زۆر جار ئەو چیرۆکە ئابرووبەرانەم دەخوێندەوە کە نهێنییەکانی شەوی سووری ژن و پیاوێکی شارەکەمانی تێیدا دەخستەڕوو، وەک چیرۆک و سیناریۆی کورتە فیلمی بازرگانی بەهەموو جیهاندا بڵاوی کردنەوە، بەڵام تا ئەو ساتەی وێنە ڤیدۆییەکانیم بەچاوی خۆم نەبینی، تا هەموو داوودەزگا پۆلیسی و پەروەردەیی و ئایینییەکانی شار نەکەوتنە ئاگەدارکردنەوەی هاوولاتیان لە مەترسییەکانی، وەک ئەوەی خۆیان دەیانگوت" لەو هەڕەشانەی نیازە گڵاوەکانی زەینەب بۆ دۆزی رەوای گەلە ستەم دیدەکەمان دروستی کردووە "، نەمزانی کەوتووەتە بڵاوکردنەوەی ئەم وێنە ڤیدۆییانە.

رۆژ لە دوای رۆژ زەینەب یاخیتر دەبوو، دەنگدانەوەی شەڕ و هەڕەشەکانیشی لای ئەوانەی لایەنگیرییان دەکرد، ئەوانەیش دژایەتییان دەکرد، مەزنتر دەبوو.. وەک ئەو سەرکردە سیاسییانەی هێشتا دەمارگیری رۆژگاری شۆڕشیان هەرلا ماوە، کەوتبووە بڵاوکردنەوەی لێدوانە ئاگرینەکانی. بە پەیامنێری کەناڵێکی ئاسمانی گوتبوو:

«بە سەدان دۆست و و لایەنگرم لە ناو شاردا جێ هێشتووە، سەدانی تر هەر بەپارە کارم بۆ دەکەن، بەس بۆ ئەوەی سێکسکردنی کاربەدەستانی شار و سۆزانییەکانم بۆ بهێنن.. هەرگیز کۆڵ نادەم لەم رێگەی تێکۆشانەی گرتوومەتە بەر، واز ناهێنم تاکلیپەکەی جەنابی پارێزگار خۆیشی بڵاو نەکەمەوە... ئەوکات توانا و هێزی خۆمیان نیشان دەدەم.»

تەماشاکەن، چ کارەساتێکی پێیە ئەم ژنە.. خوایە، کێ هەیە لە شەڕ و گێچەڵی نەترسێت، بەتایبەتی لە شارەکەی ئێمەدا، کە هەمووان " لەبەر پیسی ئیشی شەویان، وەک بەراز لە سێبەری ملی خۆیان سڵ دەکەنەوە

## هەر لەناو هۆڵی کتێبخانەکەدا

ئاگام لێ بو چپەچپی ئێمە و، قیژە و ئاخ و ئۆفی ناو مۆبایلەکە، خەریک بوو ئارامی هۆڵەکەی دەشێواند، سەرنجی ئەو خوێنەرانەی رادەکێشا کە بۆ ئەوە هاتبوون ساتێکی ئارامی خوێندنەوە بەرنەسەر... هەرچەندە مەترسییەکی گەورەیش بوو ئەگەر بیانزانیایە سەیری چی دەکەین، ئەوە چییە لەم گۆشە ئارامەی هۆڵەکەدا هەردووکمانی کۆ کردووەتەوە، چونکە ماوەیەک بوو دەزگای ئاسایشی شار لای هەر کەسێک وێنە و ڤیدیۆی سێکسی خۆماڵییان بگرتایە توشی سزایەکی توونديان دەکرد.. بەو بیانوەی گوایە تەنها لایەنگرانی زەینەب خەریکی بڵاوکردنەوە و دەستاودەستکردنی ئەم "شتە پیسانە" دەبن.

ئەمەش تایبەتمەندییەکی تری شارەکەی ئێمەیە، بە درێژاییی مێژوو هەر ئاسایشی لەم جۆرەی هەبووە.

تاوانبارِیان بۆ ناگیرێت، دێن هاوسۆزەکانی تاوانباران دەگرن..

لە کشمیر و پاکستان ئیسلامییەکان تەقینەوەیەک بکەن، لە گەڕەکەکەی ئێمەدا دەکەونە گرتنی گەنجە ریشدارەکان..

لە ئەمریکای لاتینی کاسترۆ و هۆگۆچاڤیز ئاژاوەیەک ساز بکەن، یەکسەر چەپەکانی لای ماڵی ئێمە دەگیرێن و دواتر بەکەفالەت ئازاد دەکرێن.

لە وەتەی زەینەب خانی بەرپەنجەرەکەیش کەوتووەتە هەڕەشەکردن، ترس و نیگەرانییەکی زۆر ئەو کەسانەی گرتووەتەوە کە مۆبایلی " بلوتۆز" یان هەیە، چونکە زۆر هۆ هەیە دەشێت وایان لێ بکات وەک لایەنگیری زەینەب خان بژمێردرێن..

## ئێمه و زەینەب خان

ژیان و چارەنووس، دژایەتی و دۆستایەتی، شەڕ و خۆشەویستی، رابردوو و ئاینده، زۆر بە توندی ئێمه و زەینەبی پێکەوه گرێ دەدا:

هەموومان لە یەک گەڕەکدا گەوره بووین "یەکەم عاشقی، یەکەم کڕیاری، یەکەم گەوادی، یەکەم دۆست و یەکەم ناحەزی، یەکەم کەس زیندەخەونی ئیرۆتیکی پێوه دەبینی، یەکەم کەس ئیمزای شاربەدەرکردنی لەسەر کۆ کردەوه، یەکەم کەسیش ئیمزاکەی بۆ کرد، یەکەم کەس راپۆرتی نهێنی لەسەر دەنووسی... هەروا لەم گەڕەکەی ئێمەدا بوو".. هەر کە شەڕە نەگریسەکانیشی دەست پێ کرد، رابردوو و ژیانی هەموو پیاوانی شاری کردە زنجیرە چیرۆکێکی ئابڕووبەر و لە چاپەمەنییەکانی بەریتانیا و ئەمریکادا بڵاوی کردنەوه.. پێش هەموو کەسێکی تر ئێمه کێچ کەوتە کەوڵمان، کەوتینە دۆخێکی پڕ ترس و نیگەرانییەوه، لە هەموو چرکەیەکدا چاوەڕوانی ئەوه بووین پۆلێک چەکداری جەربەزە هەڵکوتنە سەرمان، قۆڵبەست و چاوبەست بمانبەن و زیندانێکی تاکەکەسیمان پێ ئاوەدان کەنەوه.. لەمەیش خراپتر ئەوه بوو لە نێو شاردا بەلایەنگیری زەینەب خان، یان وەک ئەوەی "خەڵک" دەیانگوت، "دەستوپێوەندی ژنەحیزەکە" ناو دەبراین.

***

لە راپۆرتی یەکێک لە رۆژنامە سەربەخۆکانی شاردا هاتووه:

١٠٠٪ خەڵکی شار بەهۆی ئەو کلیپانەی زەینەب خان بڵاویان دەکاتەوه تووشی ترس و دڵەڕاوکێ هاتوون:

٣٠٪ یان، ئەو ژن و پیاوانەن کە پێشتر پەنێکیان داوه و ئێستا ترسی بڵاوبوونەوەی وێنەی ئابڕووچوونی خۆیانیان هەیە.

٣٠٪ تر، ئەو ژنانەن دڵیان لە مێردەکانیان پیسە، یان ئەو پیاوانەن دڵیان لە ژنەکانیان پیسە.. دەترسن ئەم کلیپانەی زەینەب خان ئەنجامێکی کارەساتباری چەندین ساڵی ژیانی خانەگومانیان بداتە دەستەوه.

٤٠٪ کەی تریش، ئەو کەسانەن کە هاوسۆزی زەینەب خانن و بەخێراییەکی کەم وێنەوه کلیپەکانی بڵاو دەکەنەوه.

شەواڵ میزاوییەک بە ڕێگەوەیە ئەم ژنە بەهاتنی سەرەتای هەموو مانگێک، کلیپێک بڵاو دەکاتەوە، ئەوەی لەم چیرۆکەدا ناومان ناوە کلیپ، زەینەب خۆی پێی دەڵێت "بەرهەمێکی دەزگای وێنە نیشتمانییەکان".

هەموو زانایانی ئاینیش بەیەک دەنگ و بێ دوودڵی پێی دەڵێن "تۆوی فەسادەت".

وەزارەتی ناوخۆیش وەک هەڕەشەیەک لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی میللەتەکەمان تەماشای دەکات.

بەڵام ئەو بڕیاری داوە هەموو سەری مانگانێک ڤیدۆی ئابڕووچوونی یەکێک لە پیاوە ناودارەکانی شار بڵاو بکاتەوە، لە کۆتاییی هەر وێنەیەکیشدا نووسراوە:

"چاوەڕوانی بەرهەمی تازەترمان بن.. شەواڵ میزاوییەک بەڕێگەوەیە".

ئیتر ئەم دوو نیوە دێرە، ترس و دڵەڕاوکێیەکی ئەوتۆی خستووەتە دڵی دانیشتوانی شارەوە، سەدان کەسی ناچار کرد بچن بۆ لای پزیشکە دەروونییەکان چارەسەریان بکات.. ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان، یان بۆ ساتێک، لەگەڵ دۆستێکیدا سەرجێ نووستنێکی کردبێت... لە ترسی هەڕەشەکانی زەینەب ئارامی لێ بڕا.

گەورەترین گرفت ئەوەبوو کەس نەیدەزانی شەواڵ میزاوییەکە کێیە..

دەوترا جەنابی پارێزگار خۆیەتی.. یان ژنەکەیەتی..

یەکێک لە ئەفسەرە پلەدارەکانی سوپایە.. یان لەو وەزیرانەیە وا کەس نازانێت کار و پیشەی چییە و بەزیادە دامەزراوە..

لە ناو لایەنگرانی زەینەبیشدا، وەک بەشێک لە شەڕی دەروونی و ڕاگەیاندن، دەنگۆی ئەوە بڵاو دەکەنەوە کە سۆزانییەکەی ئەم جارە لە ماڵی پاشاوە دێت.

***

لەم چیرۆکەدا پیاوێکی تر دەناسین بەناوی "بابە تاهیری عوریانی"ەوە، سۆفییەکی شاعیرە و لەوپەڕی گۆشەگیری و ژیانی زاهیدانەی خۆیەوە، بەعەشقێکی خواناسانەوە گیرۆدە بووە.. کە دەنگوباسی ئەم ئاژاوە و هەڕەشانەی شارەکەی ئێمەی پێ دەگات، بەدەم ڕاچەنینێکی سۆفییانەوە نەفرەتێکی سەخت و یەکجارەکی دەنێرێت: بۆ هەرچی خاتونی چاولەدەر... و پیاوی شەواڵپیس و بێ فەڕ... هەیە.

هـەر هـەمـــان ڕۆژ دەیـەوێت دەربـارەی ئەم ڕووداوانـە نـامـــەیەک بـۆ هـاوڕێیـــەکـی خـــۆی بنووسێــت کە لە زەمین و زەمانێکی زۆر جیاوازدا ژیاوە بە ناوی "شـەرەفخانـی بەدلیسی"..
دەڵێن گـوایە هـێندە تووڕە بووە، سـێ جـار پـەڕەمـووچـەکـەی دەسـتـی شکاوە، چوارەم جـار ویستویەتی بچێت بۆ کوفینێتێکی شاری هـەمەدان و بەئیمەیل بینێرێت، کۆمـاری ئیسلامی ئێران ڕێگەیان لێ گرتووە، بەبیـانووی ئەوەی شـەرەفـخـان لەگەڵ کوردە جـودایخـوازەکاندا سەرو کاری هەیە و.. ئەمەیش دژی "مەصلەحەتی نیزامە".

بۆ بەدبەختی شـارەکەمـان، نە بابەتاهیر و نە میر شەرەف خانیش هـیچیـان پێ ناکرێت..
خـاتوو زەینەبیش وەک بـاسکی بانان بۆی دەرچووە و پانتـایی ئـەوروپای لێ گرتووە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هـەڕەشـەکـانی کاریگەرتر دەبێت، ترسی ئێـمـەیش لە بزیسکی ئاگرەکـەی زیاتر دەبێت..

لە دواین لێدوانیدا، گوتوویەتی:

" هـەرکـە گـەیشـتـمـە ئەو بـاوەڕەی چیرۆکەکـان و وێنە ڤیـدۆییـەکان توانـای لەرزاندنی کــورســیـــیـــەکـــەی ژێر پـارێزگـــاری نیـــیـــە، هـیچ دوودڵ نیم لە بـڵاوکــردنەوەی کلیـــپـــە ئابڕووبەرەکەیشی".

ئیـتر دوای ئەم لێدوانە، تەواوی خەڵکی شـار گوێ قـوڵاخی هەواڵی دەرکەوتنی کلیپەکەی پارێزگار بوون، هـەرکەسـەو لە خەیاڵی خۆیەوە چاوڕێی دەرکەوتنی دیمەنێکی کـارەساتبارە، دیمەنێک، یان پارێزگار یان کەژاڵ خانی هـاوسەری دەبنە نێچیرەکەی..

***

بە تێپەڕینی ڕۆژگار کاریگەری هەڕەشـەکانی زەینەب زیاتر دەبوو، ئاژاوە و سەنگەرگیری نێـوان دۆست و دوژمنەکانیـشی هـەر زیاتر دەبوو، لـە ئینتـەرنێـتـەوە دەنگوبـاسی ئەوە بڵاو کرایەوە بەم زووانە کلیپی "شـەواڵ میزاوی"بڵاو دەکرێتەوە، کە گرینگترین کلیپی شـارە، تا ئێسـتا کەس نازانێـت کـەسەکانی ناو ئەم کلیپە کێن، ئەو پاڵەوانە ئابڕووچووانەی زەینەب ئاگر بەچارەنووسیـان دەکاتەوە کێ دەردەچێت.. ئیتر ترس و دڵەڕاوکێ و کـاردانەوەی چین و توێژە جیاوازەکانی شـار، بە شێوازی جیاجیا و هیستریانە دەستی پێ کرد:

لە چەند کاردانەوەیەکی کوتوپڕدا:

گرووپی شـەقاوە کـڵاوڕەشـەکانی شـار تەقـەیان لە تاقـە کوڕەکەی زەینەب خـان کرد و بە

سەختی بریندارییان کرد.

بەڕێوەبەرایەتیی ڕەگەزنامە و باری شارستانی، بڕیاریان دا ئیتر هیچ کچێک بەناوی زەینەبەوە ناونووس نەکەن.

پاسەوانی مەولیدەی گەڕەکەکەمان، لە داخی ئەوەی پاسەوانی مەولیدەی گەڕەکێکە چل ساڵی ڕەبەق زەینەبی تێدا ژیاوە، وازی هێنا و چووەوە بۆ ماڵی خۆی.. گوتی " قیروسیا، با لە برسا بمرم، هەر لەوە باشترە خزمەتی مەولیدەی گەڕەکێک بکەم کە...".

زانایانی ئاینی کۆبونەوەیەکی بەپەلەیان ئەنجام دا، هێندە دڵگەرم و شپرزە کۆبوونەوە چاوەڕێی هاتنی کارەبای مەولیدەکەیان نەکرد تا هۆڵەکەیان بۆ ڕۆشن بکاتەوە، بۆیە چەند ڕۆژنامەنووسێکی بزێو و جاسوسێکی زەینەب خانیش لەگەڵیانا دەچێتە ژوورەوە.. هەر هەمان ڕۆژ تەواوی ئەو نهێنییانەی کە وەک "نهێنی پیشە"ی زانایانی ئاینی وایە و نابێت لە خۆیان زیاتر کەسی تر بیزانێت دزە دەکاتە دەرەوە، تەنانەت دوای سێ کاتژمێر دەگاتەوە دەستی زەینەب خۆیشی.. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار دەدرێت.

– تەواوی وتارەکانی هەینیی داهاتوو، لەسەر هەڕەشەکانی ئەو ژنە دەڵەقۆڕە بێت، کە بووەتە موسیبەت بۆ شارەکەمان.

– پێویستە داوا بکرێت لە موسوڵمانان، نەگوێ لە لێدوانەکانی بگرن، نە ئەو درۆ و دەلەسانە بخوێننەوە، کە بەناوی "زنجیرە چیرۆکێکی واقعی ژیانم" لە گۆڤار و ڕۆژنامە بیانییەکاندا بڵاوی دەکاتەوە.. نە تەماشای ئەو کلیپە ئابڕووبەرانەیش بکەن کە سەری مانگان دەیخاتە پێش چاوی هەموو گەل.. موسوڵمانی شەریف و ڕەسەن ئەو کەسەیە گوێ لە زەینەب ناگرێت، هەموو وتە و نووسین و شتەکانی تریشی فەرامۆش دەکات.. ئەوەی لایەنگیری زەینەب بێت "ئینشائەڵڵا "لە قیامەتدا بەڕووڕەشی و خەجاڵەتی لەگەڵ ئەودا حەشر دەکرێت.

***

من نازانم چیرۆکی پۆلیسی و پڕ ڕووداوی سەرئێشە بنووسم، هیچ سۆز و لایەنگرییەکیشم بۆ زەینەب نییە، لەوانەیە لە تۆیش بێ لایەنتر سەیری ئەم ڕووداوانە بکەم.. نەحەزم لە زیادەڕۆییکردن هەیە لە گێڕانەوەدا، نە هاوسۆزی هیچ کارەکتەرێکیش.. بەڵام باوەڕم پێ بکە، بێ هیچ هۆکارێکی ماقوڵ لە خۆم دەترسام، تەنانەت بەرنامەو تایبەتمەندی

ئامـێـری مـۆبـایلەکـەیشم بەجـۆرێک نەبوو یـارمـەتی ئەم ترسـەم بدات، وام لێ بکات لە لایەنگرانی زەینەبەوە نزیک بم.. کەچی هەر بە بێ ویستی خۆم گلاندمیانە ناو ئەو گرفت و ئاژاوانەی لایەنگرانی زەینەب پێی هەڵدەسان.

گرفتەکان هێندە تەشەنەیان کرد، بەهیچ لایەک کۆنترۆڵ نەدەکرا، سەرکردایەتی وڵات گەیشتە ئەو باوەڕەی ئاسایشی نەتەوەییمان لە مەترسیدایە، لەم پێناوەیشدا پێویستە دەزگا بەرپرسەکان هەموو جووڵە و هەوڵێکیان بخەنە گەڕ، ڕێوشوێنی ئاسایشی توند بگرنەبەر، بۆ ڕێگرتن لەو کلیپانەی لە ناو شارەوە دەگاتە دەستی زەینەب، ئەوانەش لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە زەینەب بڵاویان دەکاتەوە.. بۆیە بەڕێوبەرایەتیی گشتیی ئاسایش لە چوارچێوەی هەڵمەتەکەیدا کۆمەڵێک هەنگاوی خۆپاریزی نا:

– لە هەموو شاردا ئینتەرێت قەدەغە کرا.

– هەموو ئەو گەنجانەی لە سەری مانگاندا دەکەوتنە ئاڵوگۆڕی کلیپە تازەکان، بڕیاری دەستگیرکردنیان دەرچوو.

– هەمـوو ئەوانەی گومـانی ئەوەیان لەسـەر بوو جاسـوسی زەینەبن و لێرەوە کلیـپی ئابڕووبەری بۆ دەنێرن، هەر دەستگیر کران.

– هەموو ئەو پیاوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان ئاڵۆشی ناو گەڵیان تووشی بەزمی کردبوون و چووبوونە سەرجێی ژنێکی حەرام، هاندران بۆ ئەوەی بکەونە خۆیان، نەوەک ئاگایان لێ نەبووبێت و بەکامێرایەکی شاراوە وێنەگیرابن، یان ئەگەر کلیپی ئەم سەری مانگە ئەوان بن، دواتر چی بکەن و بۆ کوێ سەری خۆیان هەڵگرن؟

زۆری پێ نەچوو بەشی هەرەزۆری گەنجەکانی شار، بەکچ و کوڕەوە، ئەوەی مۆبایلی بلوتۆزی پێ بوو خرانە زیندانەوە. بەو بیانووەی کە ئەم ئامێرە فیتنەن و بوونەتە سەرچاوەی هەموو کێشەکان، تا مۆبایل نەهاتبوو کێ ئاگای لە کێ بوو.

دەوڵەت زانی بە قەدەغەکردنی مۆبایل کاروباری وڵات بەڕێوە ناچێت، بەپڕکردنی زیندانەکان لە خەڵکانی گومانلێکراو کێشەکە چارەسەر نابێت.. ناچار بوون لەگەڵ زەینەبدا دانوستاندن بکەن، بەهەر نرخێک بێت لەم شەڕانگێزییەی ژیوان بکەنەوە.. بۆیە بڕیاریان دا لە هەفتەی داهاتوودا، بۆ دانوستاندن لەگەڵ زەینەبدا نێردراوێکی نهێنی بنێرنە لەندەن..